
## (رۆژی جیهانی  دانیشتوان 2014/7/11)

### ژمارەی دانیشتوان لە هەرێمی کوردستان زیاد بوونی بە خۆیەوە  بینیوە:


ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2014 گەیشتوەتە  5,332,600 کەس، کە ژمارەی نێرینە 2,677,764 وە ژمارەی مێینەی 2,654,836 کەسەیە بە بەراوورد بە ساڵی 2009  کە ژمارەی دانیشتوان 4,662,266 کەس وە ژمارەی نێرینە 2,341,102 کەس و  ژمارەی مێینەی 2,321,164 کەس بووە.




### هەرێمی کوردستان کۆمەڵگەیەکی گەنجە:

بەپێی دەرەئەنجامەکانی پێشبینی کردنی دانیشتوان (الاسقاطات) کە جێ بەجێ کراوە لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2014 دەریدەخات کە رێژەی دانیشتوان لە گروپی تەمەنی 15-64ساڵی دەگاتە نزیکەی 60% وە رێژەی دانیشتوان بۆ گروپی تەمەنی 65ساڵ و گەورەتر دەگاتە 4% وە منداڵان لە گروپی تەمەنی بچووکتر لە 15 ساڵ رێژەکەی نزیکەی 36٪ ە.

بەڵام گروپی تەمەنی گەنجان 15-24ساڵی رێژەکەی دەگاتە نزیکەی 20٪ .



**نزم بوونەوەی رێژەی بەخێوکەری تەمەن(نسبة الاعالة العمرية):**


رێژەی بەخێوکەری تەمەن دابەزیوە بۆ 66 کەس , واتە هەر 100کەس لە ناو گروپی تەمەنی کاردان 15-64 سالین 66 کەس لە دەرەوەی هێزی کار کە گروپی تەمەنی ژێر 15 سال و سەرەوەی 65 ساڵی لە خۆ دەگرێتەوە بەخێو دەکات بۆساڵی 2014 , بە واتایەکی تر (دابەزینی ئەرکی بەخێوکەر بۆ هەر تاکە کەس لە تەمەنی کارکردن ) بە بەراوەرد لەگەڵ سەرژمێری ساڵی 1987 ئەم رێژەیە بۆ هەر 100 کەس 93 کەس بووە , واتە لە هەر 10 تاکە کەسی لە تەمەنی کاردا 9 کەس کە لە دەرەوەی هێزی کار دان بەخێو دەکرا و ئەوەش ئەو گۆرانکارییانەی کە لە رێکخستنی تەمەن بۆ هەرێم بە دەست هاتوو پیشان دەدات بۆ روونکردنەوەی دابەزین لە تێکرایی ووچە خستنەوە.

**نزم بوونەوەی رێژەی ئەو خێزانانەی کە سەرۆك خێزانی ئافرەتە:**

رێژەی ئەو خێزانانەی کە ئافرەت بەرێوەی دەبات لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2012 لە 11.6 نزم بووتەوە بۆ 10.5 لە ساڵی 2014 بە گوێرەی ئەنجامی ئەو رووپێوانەی کە لە دەستەی ئاماری هەرێم جێبەجێکراوە.


**دابەزینی ڕادەی وەچەخستنەوەی گشتی لە ساڵانی دوایی:**

بە گوێرەی دەرەنجامی رووپێوەکان کە لە دەستەی ئاماری هەرێم جێبەجێکراون پیشاندانی دابەزینی تێکڕای وەچەخستنەوەی گشتیە، لە ساڵی 2006 تێکڕای وەچە خستنەوە 3.8 کە تێکرای لە دایك بوونی زیندووە کە لەلایەن ئافرەت بە درێژایی ژیانی هاوسەرگیری . بەڵام لە ساڵی 2012 تێکرای وەچەخستنەوە گەیشتە 3.4 ئەو رادەیە هەر بەبەرزی مایەوە بە بەراورد بە وولاتانی دراوسێ وەکو ئێران و تورکیا و ئوردن و سوریا.




**نزم بوونەوەی تێکڕای مردنی منداڵانی شیرەخۆر:**

تێکرای مردنی منداڵانی شیرەخۆر لە ساڵی 2006 گەیشتە 34 حالەتی مردنی منداڵانی پێش ساڵی یەکەم بۆ هەموو هەزارێکی لە دایك بووی زیندوو وە ئەم تێکرایەش نزم بووەوە بۆ 28 حالەت لە ساڵی 2012.




## دابەزینی تێکرایی گەشە کردن (Growth rate)

بە پێ ی ئەو پێشبینیانەی کە لە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان کراوە تێبینی دەکرێت کە تێکرایی گەشە کردن لە ساڵی 2014 گەیشتووتە 2.6 بە بەراوورد بە ساڵی 2009 کە 2.9 بووە و هۆکارەکەشی دەگەرێتەوە بۆ دابەزینی تێکرایی ووچە خستنەوەی گشتی لە هەرێم.

## بەرزبوونەوەی بەشداری کردن لە هێزی کار بۆ هەر دوو رەگەز

دەرکەوتووە کە ئەنجامەکانی روپێوی هێزی کار لە ساڵی 2013 بەرزبۆتەوە لە ژمارەی بەشداری کردن لە هێزی کاری بە بەراوورد بە ساڵی 2012 بۆ هەردوو رەگەز, و تێبینی دەکرێت کە بەرزبوونەوەی رێژەی بەشداری کردن لە هێزی کار لە ساڵی 2013 گەیشتە 39.8 کە زیادبووە بە رێژەی 1.4 بە بەراوورد لەگەڵ ساڵی 2012 کە رێژەکەی بریتی بوو لە 38.4.

رێژەی بەشداری کردنی رەگەزی نێرینە ( **67.1**) و رەگەزی می یینە ( 12.7) بۆ ساڵی 2013 کەواتە زیادبوونی بەشداری کردنی رەگەزی نێرینە زیادترە لە رەگەزی مێیینە کە دەگاتە 1.3 بۆ رەگەزی نێر و 0.5 بۆ رەگەزی مێینە.




## دابەزینی رێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان

یەکێك لە گرنگترین نیشاندەرەکانی دیموغرافی بریتیە لە تێکرایی بێکاری , کە تێبینی دەکرێت دابەزین لەم تێکراییە بە شێوەیەکی دیاریکراوە ئەوش هۆکارەکەی دەگەرێتەوە بۆ بەرزبوونەوەی رێژەی بەشداری کردن لە چالاکی ئابووری.

رێژەی بێکاری لە ساڵی 2013 گەیشتە 6.5 بە بەراوورد لەگەڵ ساڵی 2012 کە بریتی بوو لە 7.9 لە هەرێمی کوردستان.

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

بۆ زانیاری زیاتر

website: [www.krso.net](http://www.krso.net)